## له یادی تێ پەر بوونی دووسال بەسەر جەنگی ئەمریکا لەعیراق دا

# دەنگی نارەزایەتی هەزاران کەس شەقامەکانی لەندەنی خرۆشان






رۆژی 3-19 بەتێ پەربوونی دووسال بەسەر سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکاو داگیر کردنی عیراق، بەهەزاران خەڵکی ئازادی خوازی دنیا لەئەمریکا وئەوروپا تا ئۆستڕالیاو مالیزیاو لەندەن،رژانە سەر شەقامەکان لەپێناو داواکاری چوونە دەرەوەی دەست بەجێ هیزەکان ئەمریکاو بەریتانیا لەعیراق دا.

لەلەندەن لەلایەن بەرەی دژی شەرەوە ئەم ئاکسۆینە راگەیەنرا بوو به دەیان هەزار خۆپشان دەر لە(هایت پارك )یەکێك لە پارکەگەورەکانی لەندەن کۆبوونەوە و بەرێپیوان گەیشتنە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا و لە وێ یاداشتانامەیەکی نارەزایەتی تەسلیم بە سەفارەت کراو پاشان خۆپشاندەران بەرو تراڤلگاسکۆیر بەرێ کەوتن.




لەم مارشەدا هەردوو رێکخراوی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران حیکمتیست بەشداریان کرد ،چەندین تراکت و دروشمی جۆراجۆری لەدەوری میزکتابی حیزب و لەو دەوربەرە هەڵواسرابوو لەژیر ناوی (نا بە ئیرهابی ئەمریکاو نا بە ئیرهابی ئیسلامی)(،نا بەنەزمی نۆی جیهانی ،نا بە سیاسەتی شەرو عەسکرتاریت ) (بژی خەباتی خەڵکی عیراق بۆ ئازادی و یەکسانی )(لە رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق پشتیوانی بکەن)،ئەم دروشمانە پەیامی بەرەی رادیکال و ئازادی خوازی عیراق ی بەگۆی ئامادەبواندا دەگەیاند ،هاوکات بەسەدان بەیانی رێکخراوی دەرەوەی وولات وبەیانی راگەیاندی رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەنیو خۆپشاندەران بلاو کرایەوە .

دەنگی شیعارەکانی حیزب دژ بە داگیرکاری عیراق ودژ بە ئیسلامی سیاسی ، هەروەها ناساندنی کەمپێکی تر لەعیراقدا کە نۆینەرایەتی ئازادی خوازی و پێش کەوتوخوازی و هێناسەرکاری دەسەلاتێکی عەلمانی دەکات سەرنجی بەشداربوانی رادەکێشا .




ووترابیژانی حیزب بەردەوام دژ بەتیرۆریزم وراکیشانی پشتیوانی بۆ ڕێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق و فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق و ڕێکخراوی ئازادی ژن وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق قسەو باسیان دەکرد و لەلایەن دام و دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاوە وینەی لێ دەگیرا وچاوپێکەوتن لەگەل یاندا سازدەدرا .

چەندین خەڵکی ئازادی خواز بەسندوقەکانی حیزب کۆمەکی مالی وە یان ئامادەی خۆیان نیشان ئەدا بۆ کارکردن لەرێکخراوی ئازادی عیراق ،بەم شێوەیە پشتیوانی نیشان دەدرا لە بەدیل و پرۆژەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعیراقدا .

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق\ڕێکخراوی بەریتانیا**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران-حیکمتیست\ڕێکخراوی بەریتانیا**

---

www.wpiraq.net Tel:07734704742 d.jamal@ntlworld.com
www.hekmatist.com Tel:07791089487 saeed_ arman2002@yahoo.co.uk